
? Kurdistan Net
Signature Not Verified
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net, o=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.07.10 20:29:17 + 01'00'

www.kurdistannet.org
10-7-2002 21:17

# ئەو كورتە چیرۆكەی گۆڤارو ڕۆژنامەكان لێی دەترسن
# خەوێكی ڕووت و قووت

جەزا چنگیانی



لەوە دەچیٚ قیبلەمان یەك بێت. بۆیە هەر كەزانیت قیبلەم خۆشەویستیە نامە و وێنەیەكت بۆ ناردم.

تا بتبینم و بتناسم، یان بەزی ئەو نیگانەت كۆبكەمەوە كە لە قووڵایی چاوە سەوزەكانتەوە دەتكیٚ ؟

پەلت بگرم ولە دۆزەخی تەنیایی قوتارتبكەم ؟ هەی ئافرەتە ناسكە غەمبارەكە غەمبار مەبە، چاوەكانت مەكە بە مەكۆی بەزەیی و چاوگەی فرمێسك. هەرتۆ تەنیا نیت لەم جیهانە ئاڵۆسكاوە نایەكسانەدا ملوینەها مرۆڤ ئەودالی خۆشەویستی و بەزەیین و ڕۆژانە چەند جار ژانڕۆح دەیانگریٚ و سووی دەچێتە دڵی پڕ حەزیانەوە.

لەو ساتەوەی وێنەكەت گەیشتە لام گلێنەكانم یەكە یەكە سنگ ومەمك و دەم ولێو و لووت وچەناگە وگەردنت دەمژن. هەناسەم بۆنی قژی درێژت هەڵدەمژیٚ. ڕەنگی مووەكانی سەرت كاڵە وەك ڕەنگی لقی ئەو درەختانەی لە زستانی سەختی كازاخستاندا لە ساڵێكدا دە مانگ لە سەرمایا هەڵدەلەرزن و بەدرێژای ئەو دەمانگە چاوەڕییٚ تیشكی خۆرن تا كەمێك لە قەدوباڵایان بداو چەند گەڵایەك دەربكەن وبۆ ماوەیەك ڕەنگی كاڵیان سەوز هەڵگەڕیٚ. لێوەكانت وەك دوو باڵی پەپولەیەكی باڵ پەمەی سەر گوڵێك كە دوای مژینی هەڵاڵەكەی و لە ساتەوەختی فڕیندا بیت و باڵكانی لەیەك نابیٚ. ئاوا لێوەكانت لە یەك ناون. هێندە بەعەزرەتەوە سەیریانمكرد لە بەرچاوی حەزی مندا لێوەكانت ووردە ووردە بزوان و باڵیان لیٚ پەیدابوون و بوون بە پەپولەیەكی باڵ پەمەی و هەڵفڕین ولە وێنەكە هاتنەدەریٚ. بەدەورما خولانەوە پێش ئەوەی ماچمبكەن ختوكەی لاملمیاندا، زۆر بەئەسپای باڵە پەمەییەكانی لێوت لەسەرلێوە قاوەییەكانی من نیشتنەوە ووردە ووردە لێوەكانم ڕەنگی لێوەكانی تۆیان گرت. تەزوویەك ڕایچڵەكانم. چاوەكانت هەریەكەیان مستی ڕەنگی سەوزی كاڵی تێڕژاوە، دەبیٚ ڕەنگی سەوزی كاڵی ڕەگی ڕێواسی ژێر بەفرەتەمەن درێژەكەی كازاخستان بیٚ و سروشت لەبەر خاتری شۆخێكەت بەشی چاوەكانی تۆی لێدزیبێت. لەو دەمەیدا چاوەڕوانی چركاندنی پتكەی كامیرەی فۆتۆگرافەكە بوویت چەپكە پرسیارەكانی چاوت بە تیشكی فلاشەكە قەتیس بوون. وائیستا پرسیارەكانی چاوت دەتوینەوە، هاتنە زمان زمانێكی شاعیرانە تەنیا دڵدارەكان نەبیٚ كەس لەو زمانە ڕۆحیە ناگات. چەند تكەیەك تكانە سەر نیگای حەزەكانمەوە. ئای كە جوانە دڵۆپ ... دڵۆپ پرسیاری سەوزی چاوەكانت لە تەك ڕۆحما عەشقدەكەن.

دڵۆپە پرسیاری یەكەم : لەم ژیانە گرژەدا دەگەمە كویٚ ؟

دڵۆپە پرسیاری دووەم : تاكەی ئەم سینە پڕ حەزەی من هەوای ژوورێكی تەنیا هەڵمژیٚ ؟

دڵۆپە پرسیارەكانی سێهەم : ئایا لە پرسیاری چاوەكانم دەگەیت ؟ هەناسەی شەوەكانت بیٚ هەناسەی ناسكی ئافرەت بۆگەن نیە ؟ ئایا پیخەفەكەت بیٚ باوەشی نەرمی ئافرەت زبر نیە ؟ ئەی خەوەكانت ئاڵوسكاون یان وەكی تاڵەكانی سەری من بەستەی جوانیان گرتوە ؟ بۆچی مرۆڤ برسی بیت ؟ بۆچی لەش و ڕۆحی من و ملوینەها ناسكە ئافرەت لە مانگە شەوەی بەهاردا. لە شەوی كڕیوەی زستاندا تەنیا بێت ؟ ئا كە ناخۆشە كاتێك گڤە گڤی با

و كرِيوه پرِۆشەی بەفر بەرِووی پەنجەرەی ژووره تەنيايەكەمدا دەدا. ئەو ساتانە منی دەروون تەزيوی زستانی تەنيايی، چەند حەزم لە باوەشێكی رِۆمانسی گەرم و گورِ، لە هەناسەی دەنگێكی گرِە. پرسيارەكانم هێندە زۆرن خۆشم نازانم ژمارەيان. وەلی زۆرن، زۆرن زۆرن بەرهەمی ئەو تەمەنە زۆرە تەنياييە كە تيا جەرِاوم.

_ رِاستە دەڵێن نووسەران لە زمانی چاو و نيگای ئافرەتان دەگەن ؟

كەواتە دەبێ بزانی بۆ وا نيگام لە چاوی ئەو كاميرەيە بريوە ؟ ئا وەك پۆستبەرێ چەند نامە ونيگام بۆ بەرێ. بۆ كێ ؟ بۆ ئەو كەسەی دەيەويت بمبينێ. ئەی نوسەرە تەنياكە دەئازابە ئازاری ئەو چيرۆكە گرمۆڵە بووانەی ناخم وەخوينەوە تا دەگەمە تەكت و لەگەڵ رِۆحدا سەردەخەمە سەرسنگە توكاويەكەت. ئەوانەی بۆت نەخويندراونەتەوە بۆت دەگيرمەوە.چ رِێكەوتێكی سەيرە دووتەنيا، دووشەيدای باوەش وجێگە و هەناسە و ئۆڤ رِۆحی گەرم. نيوانيان هەزارەها ميل وپردێكی باريكی نامە و وێنەيەكە.

من لە وولاتێكی سارد وسرِی بالا تەزيوو، تۆ لە ولاتێكی گەرم و گورِ، بەيەك دەگەين ؟ كەی ؟ نازانين.

لە تەك ئەم پرسيارە ناسكانەدا وەنەوزمەدەدا تا خەوم لێكەوت، وێنەكەت بە بێدەنگی لە نيوان پەنجەكانمدا ترازانە سەر سەرسينەكەم هاتيتە خەوم، خەوێكی گەرم و گورِ ونەرم ونيان و رِووت، لە خەوەكەمدا زۆر شەرمن بوويت، من لە سەر تەختی نوستنەكەم وەك ئەو رِۆژەی لە خانوە قورِە كورتەبنەكەی مەڵكەندی و لە لە شی دايە خونچە هاتمە دەرێ ئاوا رِووت بووم. تۆ لە بەردەرگای ژووری نوستنەكەمدا وەستابوويت زۆر شەرمنانە چاوەسەوزەكانت داخستبوو و جار جارە بە حەز و شەرمەوە لە لەشی رِووتی منت دەرِوانی. تاسەر ناوكت رِووت بوو ملوانكە دەنگ ووردەكەی ملت هەر لە ملدا بوو خاجە هەڵواسراوەكە كەوتبوە نيوان هەر دوو مەمكۆڵەكانتەوە و لەتەك هەناسەتدا لە نيوانياندا تلی دەدا. تۆ شەرمتدەكرد ومن حەزمدەكرد. يانی حەزم حەزيدەكرد ببێ بەو خاجە وكەمێك نيوان مەمكەكانت بلێسێتەوە، چاوەكانم زۆر عاشقن.كچی گلاراوی حەزيان تيايە ئۆقرەيان نەگرت لەشەرمی تۆ شەرميان نەكرد بە سەر سنگ ومەمكتا شۆربوونەوە، ئا گۆپكە پەمەيەكانی مەمكت تينويان بوو. تينوی تەرِايی دەمی منيان بوو. تێر گۆپكەكانتم بۆ مژيت و لە ناو دەمما وەكی خوچە گەشانەوە وشيرێنيەكی سەيريان داميێ نەك گۆپكەكان تا قولايی ناوكت ماچمكردی تۆ هەر شەرمتدەكرد شەرمێكی حەزاوی بۆيە لەژێر لێوی ماچەكاندا بزەت نەكرد، لەئامێزی تۆپەڵە هەلاوێكی گەرم وچەپكە ئۆڤێكدا توايتەوە، بەشەرمەوە لەسەر تەختی نوستنەكەم ولە تەنيشتمەوە پاڵكەوتی. قژە درێژەكەت بەردابووە. لەيەكئالاين، دەمت هانی وچاوت نوقاند، هەناسەيەك بەسبوو بوورايتەوە، هەلاوێكی گەرم سەرتاپای لەشی هەردووكمانی تەنی. هێندە تلت بەدەورمدادا ماچتكردم وسەرت بادا قژەدرێژەكەت لەگەردنم ئالا، سەركەوتيتە سەرسنگم بەنيازی مژينی گۆی مەمك وبۆنی تووكەكانی سەرسنگم تەكانێكت بەسەرتدا، قژەئالاوسكاوەكەت گەروی گرتم، بيخی سەری تۆشی رِاچڵەكان. ووشەيەك لەو مستە ووشە ئەڵمانيانەی فيری ببويت ( ئوونشۆڵدگوون ) ت پێووتم ماچێكی لێبووردنت كردوو سەرت خستە سەر سنگم وەك بۆنی سەرسنگی نێرينەيەكی رِۆژهەلاتی تاقيبكەيتەوە ئاگام لێبوو هەردووسيەكانت لە بۆنی سەرسنگم پركرت. چاوەكانت هەر نوقابوون زۆر بەحەزەوە لە يەك ئالابووين رِۆحی هەردووكمان ئارامی و رِەحەتی دەويست حەزی تۆ وەك گەزۆی سەرگەلا بەسەر لەشی مندا باريبوو. حەزی منيش وەك لقی رِێواسێكی قەدقەيوی بالابەرزی ژێر تاشەبەفرێ چۆن گەرەكی بێت تواناي خۆی نيشانی خۆربدا ئاوا خۆی نيشانی لەشی گەزواوی تۆ دەدا. ئۆقرەم نەما بەسەر سنگ ومەمكتا دەستم كێشا بەدوای جوانيەكانی خوار ناوكتا گەرِام. رِان، پووز، بەرمووسەلانێكی ناسك، تۆپەڵە موويەكی ئالوسكاوی بۆن خۆش خۆم خزانە پشتەوە بە وردەماچ هەموو پشت و لاملتم كێلا لەجيێ هەر وردە ماچی خونچەيەكی چاو

**سەوزی خنجیلانەدەرچوو.ناوشان وبڕبڕەی پشت و تا گوومەزەکانی سمتت پارچەیەك گوڵ بوون، هەروەك خووەی هەمیشەیم لە پشتەوە لە باوەشمگرتی دەمم نابە لاملتەوە کرکڕاگەی گۆیتم مژی هەر بەهەناسەی گەرمی دەروونی من لە سەرتەختی نووستنەکە توایتەوە بوییت بە پارچەیەك گەزۆی سێکس ئۆۋ لەو ئۆڤانەی دەروون هەردووکمانی شێتکرد دەمویست گۆپکەی سمتەکانت بخەمە چاڵی بەرمووسەڵانم. لەپێشیشەوە پەنجەکانم لە تۆپەڵە تووکە ئاڵۆسکاوەکەت بئاڵێنم و بێخی تاڵ بەتاڵیان ختوکە بدەم تا گەرمی لەشت فێی سێکست پێدەگرێت. ئەوشەوە تابەیانی لەگەڵ گلاراوی حەزماندا تلماندا و تۆ هێشتا لە ئۆڤدا بوویت من جەرگم سووتا، ئۆقرەم نەما لە خۆار ناوکتەوە هیچم نەدی ئەزانی بۆ ؟ چونکە ئەو وینەی بۆت ناردبووم تا سەر ناوکتی تیدایە، بۆیە دەغیلتم تا دەگیتە ئێرە وێنەیەکی ترم بۆ بنێرە تا قولەپێتی تێدا بیت با ئیتر شەوانە لە تەك نیوەی لە شی ڕووتدا نەنووم.**

*** ئوونشۆڵدگوون، ببوورە ئەڵمانیا** 1999